عێراق و ئێران کۆنووسی ڕێککەوتنی هاوبەش لەسەر میکانیزمی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتنە ناوەوەی گەشتیاران واژۆ دەکەن

ئەمڕۆ چوارشەممە، عێراق و ئێران کۆنووسی ڕێککەوتنی هاوبەشیان لەسەر میکانیزمی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتنە ناوەوەی گەشتیاران واژۆ کرد.

لە ڕاگەیەندراوێکی دەستەی دەروازە سنوورییەکاندا هاتووە، ”لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەی کە لە بەرواری 12/21/2023 لە بەغدا □□ لە نێوان دەستەی دەروازە سنوورییەکان و شاندێکی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوەچوو سەبارەت بە میکانیزمەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتنە ناوەوەی گەشتیاران، لیوا عومەر عەدنان وائیلی، سەرۆکی دەستەی دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ □□□ ، ئەحمەد واحیدی وەزیری ناوخۆی کۆماری ئیسلامی کۆبووەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەدا ڕاپۆرتێکی هاوبەش لەنێوان هەردوولا لەگەڵ مەجید میر ئەحمەدی یاریدەدەری وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری ئاسایش واژۆکرا".

ڕوونیشیکردەوە، ”کۆنووسەکە 11 بڕگەی گرنگی لەخۆگرتبوو کە خزمەت بە جووڵەی سەرنشین و کەلوپەلەکان

دەکەن، و لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێککەوتن کرا:

1- گشتاندنی ئەو ئەزموونەی کە لە کاتی سەردانەی چلەی ماتەمینی رابردوو بەڕێوە چوو لە هەردوو دەروازەی(شەلامچە و زەرباتییە) و هەموو دەروازە سنوورییەکانی وشکانی لە گەڵ ئێران کە تایبەت بوو بە گواستنەوەی داتایی سەردانکەران.

2- ڕەزامەندی لەسەر واژۆکردنی یاداشتێکی لێکتێگەیشتن بە گواستنەوەی داتای کاڵاکان (بارکردنی بار) بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە نێوان جێبەجێکاران بۆ دڵنیابوون لە خێرایی ڕێکارەکان و ڕێگریکردن لە ساختەکردن یان شێواندنی گرنگترین بەڵگەنامە کە پرۆسەی دیاریکردنی کاڵاکان لەسەری بنیات نراوە.

3- ڕێککەوتن لەسەر کێشی ئەکسیل بەپێی مەرجەکانی عێراق و ڕێگەنەدان بە باری گەورە کە کاریگەری لەسەر ڕێگاوبانەکان دەبێت.

4- ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەك بۆ دەستنیشانکردنی ئەو دەروازە و دەروازە نافەرمیانەی کە بۆ ئۆپەراسیۆنی قاچاخ بەدرێژایی کەرتی سنووری بەکاردەهێنرێن و ڕێککەوتن لەسەر میکانیزمی داخستنیان.

5- دابینکردنی ساڵنامەی کشتوکاڵی لایەنی ئێرانی بۆ پابەندبوون و ڕێگریکردن لە هەناردەکردنی کاڵا قەدەغەکراوەکان بەپێی ئەم ساڵنامەیە بەمەبەستی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی.

6- چالاککردنی گواستنەوەی سنوور بەزاندن (ترانزێت) لە ئێرانەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ لە ڕێگەی عێراقەوە.

7- ڕێککەوتن بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی ترانزێت و ڕێگاکانی ناو دەروازە وەرگیراوەکان لە ڕێگەی هەماهەنگی ڕاستەوخۆی نێوان ئیدارەکانی بەندەرەکانی ئێران و عێراقی وەرگیراو.

8- ڕێککەوتن لەسەر پابەندبوونی لایەنی ئێرانی بە دانانی هیچ دەروازەیەکی سنووری جگە لە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی دەروازە سنوورییەکانی فیدراڵی بە پشتبەستن بە مادەی (6 - B)ی یاسای ژمارە 30ی ساڵی 2016ی دەسەڵات و لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە.

9- چڕکردنەوەی پشکنین و پشکنینی خۆراك و کەلوپەل بە ڕێگریکردن لە تێپەڕینی چەك یان مادەی هۆشبەر.

10- دانانی کەناڵی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان دەروازە سنورییەکانی هەردوو وڵات و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك کە ڕەنگە بەپەلە و دەستبەجێ ڕووبدات.

11- ڕێگریکردن لە هەر جۆرە باجێك کە لەسەر بنەمای یاسا کارپێکراوەکان نەبێت و ڕێگریکردن لە حاڵەتی خراپ بەکارهێنان بەرامبەر شۆفێر و کرێکار لەلایەن هەر لایەنێکەوە لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا.